| | | |
|---|---|---|
| کۆماری عێراق<br>هەرێمی کوردستان<br>سەرۆک | | جمهورية العراق<br>إقليم كوردستان<br>الرئيس |

**بڕیار**

**ژمارە ( ١٢ )ی ساڵی ٢٠٢١**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و پاڵپشت بە یاساکاریی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣)ی رۆژی ٢٠٢١/٩/٧ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢١**

**یاسای هەمواری دووەمی یاسای یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی**

**لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩٣**

**ماددەی (١)**

دەقی بڕگەی (٢) لە ماددەی (چوارەم)ی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە، و بڕگەکانی تری ماددەکە سەر لە نوێ ڕیزبەند دەکرێنەوە.

**ماددەی (٢)**

دەقی بڕگەی (١) لە ماددەی (حەوتەم)ی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە، و بڕگەکانی تری ماددەکە سەر لە نوێ ڕیزبەند دەکرێنەوە.

**ماددەی (٣)**

دەقی ماددەی (هەشتەم)ی یاساکە هەمواردەکرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

ماددەی (هەشتەم)

١- بازرگان دەتوانێت لەو ژوورەی شوێنە بازرگانییەکەی دەکەوێتە بازنەی تایبەتکارییەکانی ببێتە ئەندام.

٢- پرۆژەی پیشەسازی دەتوانێت ببێتە ئەندام لە ژوور.

**ماددەی (٤)**

پێویستە یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، تەواوی تۆمارنامەکان و داتابەیس و زانیارییەکانی پەیوەست بە تۆمارکردنی ناوە بازرگانییەکان و تۆمارنامەی بازرگانی، لە ماوەیەك کە لە (٣٠) سی ڕۆژ تێپەڕنەکات لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە، بگوازێتەوە بۆ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**ماددەی (٥)**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٦)**

کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی (٧)**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

لە پێناو ڕێکخستنەوەی چالاکی بازرگانی و تۆمارکردنی ناوە بازرگانییەکان و تۆمارنامەکان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێم، ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

نێچیرڤان بارزانی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان

هەولێر

٢٠٢١/١٠/٦